بنەما فەلسەفی و زانستییەکانی ڕاڤەکردنی وشە لە دەقە ئەدەبییەکاندا

کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەم بە نموونە

پ.ی. د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان قەرەنی
ڕاوێژکاری پەروەردەیی خانەنشین

کورتەی توێژینەوەکە:

ڕاڤەکردنی وشەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا، کارێکی ئالۆزە و زۆر جاریش ئیشکالیەتێکی زمانەوانی و هزری دروست دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکانی ئەم پرۆسەیە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەیی بە نموونە وەرگیراوە، کە لە دوو لایەنەوە بنەما فەلسەفی و زانستییەکانی ڕاڤەکردنی وشەکان تێدا ڕەچاو نەکراون: لە لایێکەوە وشە بەرانبەر بە وشە دانراون، کە پێکهاتەی چەمکەکانیان یەکتر ناگرنەوە. لە لایێکی دیکەشەوە، هەندێك وشە بە هەڵە واتاکانیان ڕاڤەکراون. لە دوو بەشی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو هەڵە و کەموکورتییانە چارەسەر بکرێن و تێکالۆزبوونەکانیشیان سەرڕاست بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، وشەکان لەڕووی فەلسەفەی ڕەوانبێژی و واتاکانیان بەپێی تیۆرە ئەدەبییەکانەوە لێکدراونەتەوە. دواتر لەگەڵ تیۆرەکانی زمانەوانیدا بەراوردکراون، دەرئەنجامەکانیشیان لەسەر چوار دەقی ئەدەبی کتێبی ناوبراودا پراکتیزە کراون و بەپێی ڕۆڵ و پێگەی وشەکان لە سیاقی ئاخاوتندا هەڵەکانیان ڕاستکراونەتەوە. توێژینەوەکە لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێکی خستۆتەڕوو و دوو پێشنیازیشی پێشکەش کردووە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی بابەتەکانی ئەدەبی کوردی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

وشە سەرەکییەکان: وشە، ڕاڤەکردن، واتای ناوەندی، زمانی ئەدەبی، سیاق.

پێشەکی:

بنەما تیۆرییەکانی ڕاڤەکردنی وشە لە زمانی کوردیدا، هێشتا لە چوارچێوەی بەرنامەڕێژییەکی زانستیدا لێك نەدراونەتەوە و ڕێکارە فێرکارییەکانیشی لە ناوەندەکانی خوێندندا تەواوکاری یەکتر نین. ئەمەش کێشەیەکە و دەرهاوێشتەکانی لەم دوو پرسیارەدا کۆدەکرێنەوە:

– بۆچی ڕۆنان و ڕاڤەکردنی وشە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە قۆناغی زانکۆدا لەسەر بنەمای پرۆگرامەکانی قۆناغی ئامادەیی داناڕێژرێن؟

– بۆچی پرۆگرامەکانی قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی لەژێر ڕۆشنایی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی زانکۆدا دانانرێن؟

لەنێو ئەو هەردوو پرسیارەدا، پرسیارێکی دیکەی بنەڕەتی سەرهەڵدەدات: ئایا دابڕانێکی زانستی لەنێوان ناوەندەکانی خوێندنی هەردوو وەزارەتدا هەیە، کە ڕێگر بێت بۆ ڕێکخستنەوەی کارێکی لەو ئاستەدا پێویست بێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە، پشت بە دوو میتۆدی کارکردن بەستراوە:

– یەکەمیان، میتۆدی وەسفییە، کە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ڕەوانبێژییەوە لە وشە دەکۆڵێتەوە و ئەنجامەکانیشی لەڕووی فێرکردنەوە لەگەڵ تیۆرەکانی ئەدەبیدا بەراورد دەکرێن.

– دووەمیان، میتۆدی شیکارییە، کە بەپێی تیۆرییەکانی زمانەوانییەوە ڕۆڵی وشە لە ئاخاوتندا هەڵدەسەنگێنرێت و هەوڵدەدرێت هەڵەکانی لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا ڕاست بکاتەوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو ئامانجەدا دەبینێتەوە، کە فێرخوازان ڕۆنانی وشەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بناسنەوە و واتاکانیان لە سیاقی ئاخاوتندا تێبگەن. سنووری توێژینەوەکەیش لەڕووی شوێنەوە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمی قۆناغی ئامادەیی دەگرێتەوە و لەڕووی کاتیشەوە چوار بابەت لە وەرزی یەکەم و دووەمی بەشی ئەدەبی کتێبی ناوبراو وەك نموونە وەرگیراون. لەڕووی ئاکادیمیشەوە تەنیا لە وشە دەکۆڵێتەوە و وەك یەکەیەکی واتایی لێکدەداتەوە.

ستراکچەری توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی ڕاڤەکردنی وشە لە کتێبەکانی پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێیەو - بەپێی زانیاریی توێژەر - یەکەم جارە بەپێی بنەما فەلسەفی و زانستییەکانەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، بۆیە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ لایەنی تیۆری تەرخانکراوە و تێیدا جەخت لەسەر چەمکی وشە دەکات و لە هەردوو لایەنی ڕووکار و ڕۆنانەوە لێکدەداتەوە و پێوەندییەکانیشی لەگەڵ یەکەکانی دیکەی زمان شیدەکاتەوە و جۆرەکانیشی دەستنیشان دەکات. بەشی دووەمیش، بۆ لایەنی پراکتیکی تەرخانکراوە و بەپێی بنەما زانستییەکانییەوە پێگەی وشەکان لەنێو بابەتە ئەدەبییەکاندا شی کراونەتەوە و هەڵەکانی بەکارهێنانیشیان ڕاست کراونەتەوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و دوو پێشنیاز و لیستی ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم
چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

زاراوە و چەمك و تایبەتییەکانی زمانی ئەدەبی

زمانی ئەدەبی زاراوەیەکی ئاوێتەییە و دەکرێت چەمکەکەیشی لەم پێناسەیەدا کورت بکرێتەوە کە، ((دیالێکتێکی پاراوە و بەرهەمە ئەدەبییەکان چ شیعر بێت یان پەخشان پێی دەنووسرێنەوە)) (Al Khuli, 1986: 72). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ((ئەدەب زمانێکی تایبەتی بە خۆوە هەیە و لە نووسینەکانی دیکە جودایە، بۆیە زمانی ئەدەبی سەرەڕای واتا بنەڕەتییەکەی هەندێك واتایی دیکەیش بەخۆوە دەگرێت)) (عزام، ١٩٦٤: ١٤٤). ئەم فرەواتایەی زمانی ئەدەبی جودایە لەو زمانە گشتییەی ((خەڵك لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بەکاریدێنن، کە لەوانەیە شێوەزارێك بێت و دەکرێت زمانێکی دیکەیش بێت، بەڵام زمانێکی ئەدەبی نییە و زۆر جار ناشنووسرێتەوە)) (التونجی، ١٩٩٩: ٧٣٩)، بۆیە ئەو زمانە گشتییە زیاتر زارەکییە. هەندێك لە زمانەوانان لەو باوەڕەدان کە ((ئەو زمانە ئاساییەی

گەل قسەی پێدەکات، لەڕاستیدا زمانی پاراوەیی خۆی دەشێوێنێت)) (عبدالنور، ١٠٧٩: ٢٢٧). بەپێی ئەم کاریگەرییە ناهاوسەنگییەی، کە لەنێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی قسەکردندا هەیە، ڕاستییەك سەرهەڵدەدات، کە هەر یەکێکیان لە ئاستێکی جیاوازدا پێگەی خۆی لە پلەبەندیی زماندا هەیە. بنەماکانی ئەو جیاوازییەش لە وردیی دەربڕین و پانتایی جوگرافی بەکارهێنانیاندا دەردەکەوێت. کەواتە دوو جۆر گۆتار لە زماندا هەن: زمانی نووسراو و زمانی قسەکردن (نەنووسراو). هەر یەکێکیان لە چەندین بەش پێکهاتووە. ئەوەی هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە زمانی پێوانەییە، کەواتە چالاکی و گەشەکردنی هەر بەشێکیان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە زمانی پێوانەییەوە هەیە. ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر دەکات زمانی نووسراوە. زمانی نووسراویش لەدوو بەش پێکهاتووە: زمانی ئەدەبی و زمانی فەرمی. ئەوەی پێوەندی بەم توێژینەوەوە هەیە زمانی ئەدەبییە، ئەویش لە سێ بەش پێکدێت:

١- زمانی ئەدەبی دێرین، کە جێگەی لەنێو مێژووی ئەدەبیدا گرتۆتەوە و وشەکانیشی زۆر جار پێویستییان بە ڕاڤەکردنەوە هەیە، کە هەندێکیان تەنیا لەنێو فەرهەنگەکاندا ماون. بۆ ئەم مەبەستەیش فەرهەنگی تایبەت بە وشەکانی دیوانی چەندین شاعیری کلاسیکی کوردیش دانراون، لەوانە فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی ـ سالم ـ کوردی (مارف، ٢٠٠٧: ٤) و فەرهەنگی مەم و زینی ئەحمەدی خانی (گەردی، ٢٠١٦: ٥)... .

٢- زمانی ئەدەبی هاوبەش، کە ئاڕاستەکراوە و لەنێو خەڵکیشدا باوە و بەکاردەهێنرێت و دەقەکانیشی ـ کە هەردوو بەشی ئەدەبی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆری نووسراو دەگرێتەوە ـ هەڵگری لایەنێکی گرنگی بەها جوانەکانی کۆمەڵن. هەندێکیان ئاستێکی هونەری بەرزیان هەیە وەك هەڵبەست و بەیت و چیرۆك. هەندێکی دیکەیان واتایەکی چڕ و نزیك لە هەست و بیرکردنەوەی خەڵکەوە هەیە، وەك (کورتە گۆتن ـ Aphorism) و (پەندی ناوداران ـ Maxim) و (قسەی نەستەق ـ Epigram)، کە نووسراونەتەوە و لە قسەکردنی ئاساییدا بەکاردەهێنرێن (قەرەنی، ٢٠١٧: ٢٢٦). ئەم جۆرە زمانە ئەدەبییە هاندەرێکە، کە زمانی ئاسایی بەرەو ئاستێکی بالاتر ببات.

٣–زمانی ئەدەبی دەستکرد، کە ئەدیبان و بە تایبەتی شاعیران دایدەهێنن و وشەی نوێ و دەستەواژەی سەروادار و دەربڕینە میتافۆرییەکان دەهێننە نێو زمانی ئەدەبییەوە. ئەمەیش زیاتر لە زمانی ئەدەبی نوێخوازدا بەکاردێت، کە بەهۆی لادانەوە بەرەو ئەندێشەیەکی فرەوانەوە دەڕوات و بەپێی فانتازیایەکی قووڵەوە لە ناخی مرۆڤدا شۆڕ دەبێتەوە و فۆرمێکی ڕامان ئاوێتەیی هەیە. لەو نێوەندەدا ڕەخنەی ئەدەبی کەلێنی لەنێوان دانەر و وەرگردا پڕدەکاتەوە.

بەپێی لێکدانەوەی سەرەوە، ئەو ڕاستییە سەرهەڵدەدات، کە ((زمانی ئەدەبی وروژاندنی هەڵچوونەکانە و هەموو بێژەو وشە تەمومژاوییەکان و هاوواتا و هاودژەکان لەخۆ دەگرێت و ئایرۆنیشی بە بنەمای بووژانەوەی خۆی دادەنێت)) (عبدالرحمن، ١٩٧٩: ٥٠). ئەم تایبەتمەندییانەی زمانی ئەدەبی کە بە زمانی سۆزیش ناودەنرێت، بەشێکی سەرەکییە لە زمانی نووسراو، هەر وەکو لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوون دەکرێتەوە:



بەپێی ئەم هێڵکارییەی سەرەوە، زمانی ئەدەبی پێگەیەکی کاریگەری هەیە و بەشێوەیەکی فرەوان بەکاردێت. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، کە زمانی ئەدەبی لە ئاستێکی بالاترە و هەتا ڕادەیەکی زۆریش کۆکراوەی سەرجەم

دیالێکتەکانی زمانە، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدرێت هەڵکشانێکی باڵا بە زمانی قسەکردن بدرێت، بۆ ئەوەی بەرەو زمانی ئەدەبی بڕوات. ئەو هەوڵدانەش بە دوو ڕێگە ئەنجام دەدرێت:

١- لە ڕێگەی خودی زمانەوە، کە لە نێو دەقە ئەدەبییەکاندا داهێنان دەکرێت و ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە نووسەرەکانیانەوە هەیە.

٢- لەڕێگەی فێرکردنەوە دەبێت، کە فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندندا فێربکرێن، پەرە بە زمانی ئاساییان بدرێت و بەرەو ئاستی زمانی ئەدەبییەوە بەرزبکرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، پێوەندییەکانی هەر دوو خاڵی سەرەوە لێکدەداتەوە. کاریگەرییان بەراورد دەکات. لەو بەراوردکردنەوەشدا زیاتر جەخت لەسەر خاڵی دووەم دەکات، کە لە ناوەندەکانی خوێندندا پێڕەو دەکرێت. ئەو پێڕەوکردنەوەش بەپێی پلانێکی پەسەندکراوی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ڕێکدەخرێت.

پێگەی وشە لە زمانی ئەدەبیدا:

یەکێك لە لایەنە سەرەکییەکانی ڕێکخستنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی، دەستنیشانکردنی پێگەو ڕۆڵی وشەیە لە ئاخاوتندا، ئەمەیش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ئەم ئاڵۆزییەش لە ئەنجامی ئەوەدا دروست دەبێت، کە ((وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن. لەئەنجامی ئەو ڕاگوێزانەشدا، وشە خاسیەتی پێشووی نامێنێ و شێوەی نوێ وەردەگرێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سینتاکسی دەگۆڕێت)) (مارف، ١٩٧٩: ١٣). لەنێو ئەو گۆڕانکارییەشدا دەقە ئەدەبییەکان بە شێوەیەك ڕێکدەخرێن، کە ((وشەکانی ڕستە تێکهەڵکێش و تێکچڕژاون، لەمیانی دەربڕینیاندا بە توندی پێکەوە بەستراون. هەر وشەیەکیش لەنێو ئاخاوتنی پێکەوە بەستراودا؛ توخمێکی دەنگی تێدا نییە، کە سەرەتا و کۆتاییەکەی دەستنیشان بکات)) (أنیس، ١٩٨٤: ٣٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە واتای ڕاستەقینەی وشە لەنێو ڕستەدا دەردەکەوێت، بۆیە لە فەرهەنگسازیدا بۆ هەر وشەیەك نموونەی بەکارهێنانی لە ڕستەدا ڕووندەکرێتەوە.

هەرچەندە ئەم بۆچوونانەی سەرەوە لەبارەی وشەوە پرسێکی کۆنە و لەنێو بابەتە زمانییەکان و بۆچوونە فەلسەفییەکاندا شیکراوەتەوە، بەلام کە کراوەتە بنەمایەکی سەرەکی لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندندا، وەرچەرخانێکی گەورە لە پرۆسەی فێرکردنی فەرمیدا دروستبوو. توێژەران ڕەخنەی توندیان لە پێڕەوکەرانی ڕێچکەی کۆنی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن دەگرت، لەو باوەڕەدا بوون، کە ڕاڤەکردنی وشە بەرانبەر وشە لە هەمان زماندا کارێکی دروست نییە و ئەو ڕاستییەیان دەسەلماند کە ((دەبێت ئەو بۆچوونە ڕەت بکرێتەوە، کە وشەکان تەنیا واتای سنووردارییان هەیەو ئەوەی گۆتاریش دەیکات تەنیا پێکهاتەی ئەوان واتایان شیدەکاتەوە)) (Richards, 1965: 9). بۆ سەلماندنی ئەم ڕەتکردنەوەش، بە پێویست دەزانرێت کە لە لایەنی فەلسەفی و زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە لێکبدرێتەوە و ئەنجامی کارەکانیشیان لە یەك مەبەستدا کۆبکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١– لە ڕووی فەلسەفییەوە:

ڕاڤەکردنی وشە لەنێو بابەتە فەلسەفییەکاندا مێژوویێکی دێرینی هەیە. لە هزری یۆنانیی کۆندا لەژێر زاراوەی لۆگۆس لێکدراوەتەوە، کە ((فرە واتایە: بێژە، دەستەواژە، گۆتار، عەقڵ، هزر، بیرۆکە، واتای قووڵی بوون، هزری خوداوەندی، کە وشە خۆی ڕووناکی ژیانە)) (خلیل، ١٩٨٩: ٢٤٧). ئەم هەوڵە زۆرانەی کە لەبارەی وشە دراون، هەموویان لەنێوان شتە بەرجەستە و نابەرجەستەکاندا دەخولانەوە. دواتر لەنێو بیروباوەڕی ئایینی مەسیحیدا زیاتر بووژایەوە و سەرەتا و ناوەڕۆك و ئەنجامەکانی هەموو شتەکان لەنێو وشەکاندا شیدەکرانەوە ((لە سەرەتاوە وشە هەبوو، وشە لە لای خودایە و وشە خودا بوو. ئەمە لەسەرەتاوە لای خودا بوو. هەموو شت بەو دروستکراون و بەبێ ئەویش هیچ شتە دروستکراوەکان نەدەبوون.)) (زیادە، ١٩٨٦: ١٥٤). هەر چەندە ئەم بۆچوونانە، وەك کارێکی سەرەتایی و سادە دەردەکەون، بەلام بە درێژایی چەندین سەدە وشەیان کردبووە پرسێکی فەلسەفی و لەسەر چەندین ئاستدا لێی دەکۆڵرایەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵی دیکەیش لە دەرەوەی هزری ئایینییەوە نەبووبن و چەمکی وشەیان لێك نەدرابێتەوە و لەنێو زماندا شی نەکرابێتەوە، کە ((فرەواتایە و لە

سیاقی بەکارهێنانیدا مۆرکێکی خوازەیی هەڵدەگرێت... خوازەیش ئەوەیە کە ناوێك گوزارشت لە شتێك دەکات بۆ شتێکی دیکە بگوازێتەوە: گوازتنەوەکەیش یان لە ڕەگەزێکەوە بۆ جۆرێك، یان لە جۆرێکەوە بۆ ڕەگەزێك، یان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە ئەنجام دەدرێت..)) (أرسطوطاليس، ١٩٥٣: ٥٨). ئەم شیکردنەوەیەش، لەنێو بۆچوونە فەلسەفییەکاندا ڕەگی داکوتاوە و زۆربەی فەیلەسووفەکان هاوڕابوون کە ((وشەکان چەندین ڕێگەی جیاوازیان هەیە لە واتابەخشیندا، واتای هەر وشەیەکیش هەمیشە بەپێی ئەو سیاقەی تێدا بەکارهاتووە دەردەکەوێت)) (بدوي، ١٩٩٦: ٢٥٧). ئەمەش ئەنجامێکی لۆجیکییە و خۆی نزیکی ئەو بۆچوونە دەکات، کە دەبێت واتای وشە بەپێی شیکردنەوەی چەمکەکەیەوە ڕاڤە بکرێت. لێرەدا گرنگیی فێرکردنی چەمکەکان لە وانەوتنەوەدا سەرهەڵدەدات و بۆچوونی چەندین بیرمەندی دیکە سەرڕاست دەکاتەوە، کە ((فەلسەفە بە هونەری دروستکردنی چەمکەکان دادەنێن)) (اليعقوبي، ٢٠١٤: ٣٠٣). چەمکیش لەڕووی زمانەوانییەوە وشەیەکە یان هێمایەکی تایبەتە، کە ئاماژە بە جۆرێکی دەستنیشانکراوی شتەکان یان ڕووداوەکان یان هێماکان دەکات، بەڵام ئەم ئاماژە پێکردنە ((لە فەلسەفەدا هەموو وشەکان ناگرێتەوە. ئەوانەی بەکاردێنێت جیاوازن لەوانەی خەڵکی ئاسایی بەکاریاندێنن، بۆیە ئەرکیەتی کە تەنیا ئەو چەمکانەی تایبەت بە خۆوە شی بکاتەوە)) (هويدى، ١٩٩٣: ١٤٩). ئەم تایبەتمەندیەیش ڕێگە بۆ فێرکردنی بنەما فەلسەفییەکان خۆشدەکات. بە هەبوونی ئەم پرۆسەیە بۆشاییێکی گەورە لەنێو لایەنەکانی زانستی لە پەروەردەکردنی فەرمیدا پڕدەکرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەکردنی هزری فێرخواز هەیە. ئامانجەکانی وانەی ئەدەبیش لەم گەشەکردنە هزرییەدا مسۆگەر دەبێت. لە هاوسەنگکردنی هەردوو لایەنی ئەدەبی و فەلسەفی لە پیداگۆگیدا، دەرئەنجامێکی پەسەندکراو بەدەستەوە دێت، کە زۆربەی فەیلەسووف و توێژەرانی ئەدەبی لەسەری کۆکن ئەویش ((دەبێت دەست لەو داواکارییە هەڵبگرین، کە هەر وشەیەکی واتایەکی دەستنیشانکراوی هەیە. ئەمە لە سروشتی زماندا نییە، لەوانەیە وشەیەك بەپێی بارودۆخی جیاوازەوە چەندین واتای هەبێت)) (زيدان، ١٩٨٥: ١٨٧). بەپێی سەلماندنی ئەم ڕاستییەوە بنەماییێکی سەرەکی لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئەدەبدا فەراهەم دەبێت.

٢- لەڕووی تیۆرەکانی زمانەوانییەوە:

زمان لە ڕووی ڕۆنانەوە لە فۆنێم و بڕگەو مۆرفیم و وشـە و ڕسـتە و گوتـار پێکدێت. بەپێی ئەم بۆچوونەوە بێت، فۆنیم بە بچووکترین یەکەی زمان دادەنرێـت و گۆتاریش وەك هەندێك لە زمانەوانان بە ئاخاوتنیش ناودەبەن گەورەترین یەکەی زمانە. ئەوەی لە نێوەندی ئەم زنجیرەبەندییەوە جێگەی گرتـووە وشـەیە. چـەندین تیۆری زمانەوانی جەخت لەسەر ڕۆڵی دەکەن، لەوانە (تیۆری واتایی ئۆزگود ـ The theory of meaning of Osgood) لەبواری واتا و کاردانەوە نێوەندگیرییەکانییـەوە، کە جەخت لەسەر ئەندازەی وەڵامدانـەوەی واتـا بەرانبـەر وشـە تاکـەکان دەکـەن، وشەکانیش وەك هێما بە مەرجەوە دەبنە بەشێك لـە کاردانـەوەی گشـتی شـتەکان (شمس الدین، ٢٠٠٣ : ١٧١). لەو کاردانەوەشدا، بەشەکان پێویستییان بە ڕیزبەنـدیێکی ڕێك هەیە، ئەوەی ((پێوەندییەکانی هەر توخمێکی لەگـەڵ پێکهاتـە گشـتییەکەیدا لێکدەداتـەوە و لـە هـەموو ئاسـتەکانی سینتاکسـی و مۆرفۆلـۆجی و فۆنۆلۆجیـدا پێشەنگی بۆ ئەرك نەك فۆرم و بۆ واتـا نـەك ڕۆنانەکـەی دادەنێـت (تیـۆری ئـەرکی مۆرفیمەکانە ـ Tagmemic theory))) (خلیل، ١٩٨٩: ٢٤٨). ئەوەی بنەماکانی هەردوو تیۆری سەرەوە سەرڕاست دەکاتەوە (تیۆری واتـای وشـەکانی مـاوەر ـ Mowrer's words meaning theory) ـە، کە پێوەنـدی لـەنێوان بێـژە و واتـادا شـیدەکاتەوە، بێژە تاکەکانیش دانەنراون بۆ ئـەوەی واتاکانیـان لـە خۆیانـدا بزانرێـت، بـەڵکو تـا پێکەوە ڕێکنەخرێن سوودیان دەرناکـەوێت (شمس الدین، ٢٠٠٣ : ١٧٢- ١٧٣). ئـەوەی سوودی ئەو ڕێکخستنەوەیش شیدەکاتەوە (تیۆری واتایە ـ Theory of meaning)، کە((پێوەندیی وشە بە واتاوە و پێوەندیی هەردووکیان بە شتێك یان کەسـێك یـان بوونەوەرێکـەوە لـە دەرەوەی زمـان دیـاری دەکـات)) (Al khuli, 1991: 28) .

دەرئـەنجامی لێکدانـەوەی بۆچـوونەکانی تیۆرەکـانی سـەرەوە، ئـەو ڕاسـتییە دەسەلمێنن کە، زمان تەنها کۆمەڵە وشەیەك نییە، بەڵکو ((سیسـتەمێکە وشـەکان تێـدا بەشـێوەیەکی تونـد پێکـەوە بەسـتراون و بـەپێی هەنـدێ یاسـای دەستنیشانکراوی هەر زمانێکەوە ڕێکدەخرێن)) (مراد، ١٩٨٣: ١٩٣). ئەوەی مـەودای ڕێکخسـتنی وشـەکانیش دەستنیشـان دەکـات (تیـۆری واتـای ناوەنـدی ـ Core Meaning Theory) یە. ئـەم تیـۆرە کـار لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە دەکـات کـە ((هـەر

وشەیەکی زمان چەندین واتای هەیە و یەکێکیان بە واتای ناوەندی و ئەوانی دیکە بە لاوەکی دادەنرێن و بەپێی دووری و نزیکییان لە واتای ناوەندییەوە ڕیزبەند دەکرێن)) (شمس الدين، ٢٠٠٣ : ١٧١). کەواتە وشەی ناوەندی واتایەکی ڕاستەقینەی هەیە و واتا لاوەکییەکانیشی وەك خوازە ئەرکێکی ناڕاستەوخۆی واتایی دەبینن، لەوانەیە ((واتایەکەی بگۆڕدرێت ئەگەر لە سیاقێکی دیکەدا دانرا و دەکرێت ئەو سیاقە وشەکەی بۆ پێچەوانەی واتاکەیشی بگوازێتەوە)) (ویس، ٢٠٠٥: ١٣٧). ئەم گوازتنەوەیەش لەلایەن هەندێ زمانەوانانەوە بە تێکەڵی وشە ناودەبەن و ((لەو باوەڕەدان کە بەشێك لە واتای وشە بە هۆی هاوڕێکانییەوە دەردەکەوێت "ئەو وشانەی کە دەبنە دراوسێ یان دەوروبەری دەگرن" ئاشکرایە کە بە گوێ دانە قەوارەی وشە دەتوانین زۆر واتا لەیەکتر جیا بکەینەوە)) (فتاح، ١٩٩٠: ١٧٦). ئەم هاوڕێیەتییەی باس دەکرێت هەموو جۆرە وشەکانی دەگرێتەوە ((تەنانەت پێشگر و پاشگرەکانیش بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان واتاکانیان دەگۆڕێت)) (بدوی، ١٩٩٦: ٢٦٤)، بە تایبەتی کە واتاکەی جێگیر بێت و بەپێی ئەو مۆرفیمەی دەچێتە سەری واتای نوێی وشەکە دروست دەکات. وشەکانی زمانی کوردیش دوو جۆرن: وشەی تەواو (Auto-semantic word) کە دەتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن و وشەی ناتەواو (Syntactic word) کە ((سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا، بەتایبەتی لە دەربڕینی واتایاندا و پێکەوە بەستنیان لە ڕستەدا)) (مارف، ١٩٧٩: ١٠-١١). لە نێو وشە تەواوەکانیشدا وشەی لیکسیم هەیە، کە ((وشەیەکی ڕووتە و لەوانەیە چەندین واتا و چەندین بەکارهێنانی هەبێت)) (Al khuli, 1991: 152). لەم سۆنگەیەوە ((پێویستە پێوەندیی نێوان فۆرمی وشە و واتاکەی ڕوون بکەینەوە، کە لە ئەنجامی هەندێ دیاردەی زمانی لە وشەکاندا ڕوودەدەن و دەبنە هۆی تەمومژی واتایی (فەرهەنگی)، وەك لە دیاردەکانی هاوبێژی و فرەواتادا بەدیدەکرێن)) (عەلی، ٢٠١١: ٩٢). ئەوەی زمانی کوردی لە لۆژیکی نێوخۆییەوە دوور دەخاتەوە ئەوەیە، کە واتای هەندێ لە مۆرفیمەکانی پێشگر و پاشگر لە وشەدا جێگیر نین و چەندین واتا لەگەڵ هەمان وشەدا دروست دەکەن، کەواتە هەر یەك لەوانە دوو جار ئەرکی وشە دەگۆڕن، جارێك لەنێو خودی

خۆیدا و جارێك لە سیاقی ئاخاوتندا. بۆ نموونە پاشگری (وە) چەندین واتای هەیە کاتێ بە وشەوە دەلکێنرێت، لە یەکێ لە توێژینەوەکاندا واتای ئەم پاشگرەی دەستنیشانکراوە (فەخری، ١٩٧٣: ٢٥١). ئەو فرەواتاییەی پاشگری (وە)، کار لە واتای وشەکە دەکات و لە دەستنیشانکردنی وردی دەربڕینەوە دووردەخاتەوە و ((بەهای زمانیش لە تواناکانیدایە کە بە دەربڕینێکی توست و ورد گوزارشت لە واتا و هزرەکانەوە بکات)) (بدوي، ١٩٩٦: ٢٧١). بەپێچەوانەوە مۆرفیمی ڕێزمانیش هەیە، کە ((بەشی یەکەمی گوزارشت لە مۆرفیمێك دەکات و بەشی دووەمیشی ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە)) (Al khuli, 1991: 176) ئەم جۆرە پاشگرانە واتاکانیان جێگیرە و بەپێی ئەو وشەیەی دەچێتە سەری، واتای وشە نوێیەکە دروست دەبێت، وەك پاشگری (ەر) کە دەچێتە سەر مۆرفیمێك و واتای پیشەیەك یان کارێك دروست دەکات، وەك (نووس + ەر: نووسەر) یان (پارێز +ەر: پارێزەر).

ئەوەی زانایانی زمان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە ((ڕێکخستنی وشە لە ڕۆنانێکی ئاوێتەیی فرە ئاستدا بەهاییێکی ڕامانی یەکبوویی پێ دەبەخشرێت، کە بتوانێت لەسەر ئەو ئاستە جیاوازانەدا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات)) (فضل، ١٩٧٨: ٢٣٢). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت، کە زمان لە سیستەمێك پێکهاتووە و ئەستەمە لە توخمەکانی تێبگەین ئەگەر لە چوارچێوەیەکی گشتی و پێوەندییە ئالوگۆڕییەکانی نێوانیاندا نەبێت. لەمیانی ئەم ڕاستییەشدا، کە پوختەیێکی هەڵێنجراوی کارەکانی فردیناند دی سوسێرە، گرنگییەکەی دەردەکەوێت و بە ئەڵقەیەکی بەستنەوە لەنێوان بۆچوونە زمانەوانییەکانی دێرین و تیۆرە هاوچەرخەکاندا دادەنرێت (Culler, 1997: 58). بۆچوونە زمانەوانییەکانی دێرینیش ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کەلتووری دەڤەرەکەمانەوە هەیە، بە تایبەتی بۆچوونەکانی عەبدولقاهیر ئەلجورجانی، کە ((دەکرێت ئاخاوتنەکە لە واتای خۆیدا لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی دیکە بگوازییەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە گۆکردنەکەیدا بکەیت، یان وشەیەکی لە شوێنی خۆیەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگۆڕی)) (الجرجاني، ١٩٥٩: ٢٤٣). ئەم گوازتنەوەی جورجانی شیدەکاتەوە، نزیکە لەو ((دووالیزمەی کە لەنێوان ڕامانە دەق ئامێزەکان و ڕامانە قەراغ نشینەکاندا هەیە، کە ئەوانیش بە دوو چەمکی دیکەی هاوبەشەوە پەیوەستن: واتای ناوەندی

و واتای سێبەر)) (المسدي، ٢٠٠٤: ٩١). ئەم پێوەندییەیش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هاوکێشەیەی لەنێوان وشەی ڕاستەقینە و خوازەدا هەیە، کە هەردووکیان پێکهاتەیێکی هاوبەش لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانیدا ڕێکدەخەن. تیۆرە زمانەوانییەکانی هاوچەرخیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە واتای وشە لە سیاقی ئاخاوتندا دەردەکەوێت، بەلاّم لە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا، نە ڕاستییەکانی کەلەپووری زمانەوانیی دەڤەرەکەمان لەبەرچاو دەگرن و نە بنەماکانی تیۆرە هاوچەرخەکانیش پێڕەو دەکەن.

٣-لەڕووی ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە:

واتای وشە لە ڕستەدا، مەرج نییە هەمان واتا فەرهەنگییەکەی وەربگرێت. ئەم لادانە لە دەقە ئەدەبییەکاندا زیاتر بەدی دەکرێت و مەودایێك لەنێوان واتا جیاوازەکاندا دروستدەکات. یەکێ لە شاعیران لەو باوەڕەدایە، کە دەقی ئەدەبی ((فەرهەنگی زمانی بژاردەیە و وشەکانیشی واتا باڵدارییەکان لەخۆدەگرن)) (عبدالصبور، ١٩٩٣: ١٢٩). مەبەست لە واتا باڵدارەکانیش ئەوەیە، کە وشەکان ((پەیام گەیەنەرن و چەندین واتا دەبەخشن، لە پەیامێکی ڕووتەوە بەرەو مەبەستەکانی ئاکاری و چاکسازی و ئایینی و سیاسی دەڕۆن)) (الطاهر، ١٩٨٣: ١٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەپێی جووڵەی وشە لە ڕستەی ئەدەبیدا واتاکەیشی دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییەش ڕێژەییە و لە شیعردا پتر دەبینرێت، بەتایبەتی ((لە شیعری باشدا پێوەندییەکانی وشەکان یەکجار پتەون))(Wellek, 1980: 173). ئەم بۆچوونەیش خۆ لە بنەمایێکی تیۆری دەربڕینەوە نزیك دەکاتەوە، کە ((هەڵبەست ڕیزبەندییەکی تایبەتی وشەکانە و چێژەکەیشی خۆ لە ڕێکخستنەوەی ڕێکوپێکی زماندا دەبینێتەوە)) (ماضي، ٢٠٠٥: ٥١). زمانی ئەدەبیش بەپێی دوو ڕێبازی هاودژەوە واتاکانی لێك جیادەکرێنەوە، ئەویش:

- لایەنی شیعریەتە کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو بوارانەی کە واتا خۆی تێدا دەردەخات بهەڵێنجێنرێت.

- لایەنی دیکەیشی کە هێرمنیۆتیکایە لە دەقەوە دەست پێدەکات و هەوڵدەدات واتایێکی نوێی بۆ بدۆزێتەوە، کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت (Culler, 1997: 62). ئەو دۆزینەوەیەش ((هەر دیاردەیەکی دەگرێتەوە کە واتاکەی پێویستی بە

ڕاڤـەکردن بێـت)) (توفيـق، ٢٠٠٢: ٨٧). ئـەم جـۆرە ڕاڤەکردنـەیش لـە واتـای وشـە دووردەکەوێتەوە.

لەنێوان هـەر دوو لایـەنی هاوکێشـەی سـەرەوەدا، واتـای وشـە زیـاتر بـەرەو لایەنی شیعرییەتەوە دەڕوات و لە نـاوەڕۆکی ئـەم توێژینەوەیـە نزیـك دەبێتـەوە و گریمانەکانیشـی لـە نێـو تیـۆری خولقاندنـدا بەشـێوەیەك ڕەنگـی دەداتـەوە، کـە ((شـیکردنەوەی هەڵبەسـت لـە لایـەنی پێکهاتـەی زمانەوانییـەوە بـە سیسـتەم و دەسـتە و ئاوێتــە و پێوەندییەکانــەوە ڕوون دەکرێتــەوە و لەلایــەنی پێکهاتــەی تەکنیکییەوە بـە واتـا و هێماکانـەوە شـیدەکرێتەوە)) (ماضي، ٢٠٠٥: ٦٤). ئەمـەیش ئەوە دەگەیەنێت کە واتای وشە بەپێی هەردوو لایـەنی زمانـەوانی و تەکنیکییـەوە لـە سـیاقی دەقـی ئەدەبیـدا دەردەکـەوێت، کەواتـە لـە ((سـیاقی ئەدەبیـدا؛ ئـەو وشـەیانەی لـەپێش و لـە پـاش وشـەکەدا دێـن چۆنیەتی ڕاڤـەکردنی دەستنیشـان دەکـەن)) (Richards, 1965: 32). ئـەم ئەنجامـە سـەلمێنراوەیەش ئەوەنـدە خـۆ لـە ڕاستی نزیـك دەکاتـەوە، کـە هـەموو گومـان و مژدارییـەکان دەڕەوێنێتـەوە و ئـەو بۆچوونانەیش پووچەڵ دەکاتەوە کە لەو باوەڕەدا بـوون وشـە واتـایێکی جێگیری هەیە.

لــە ئــەنجامی لێکدانــەوەی بۆچــوونەکانی هــەر ســێ لایــەنی فەلســەفی و زمانەوانی و ئەدەبییەوە، واتای وشە لـە سـیاقی ئاخاوتنـدا دەردەکـەوێت و مـەرج نییە هەمان واتا فەرهەنگییەکەی جێگیر بێت. ئەمە ڕاستییەکە و لەنێو کەلەپووری زانســتی دەڤەرەکــەمان و تیــۆرە زانســتییەکانی هاوچەرخیشــدا ســەلمێنراوە. لەنێوانیاندا خاڵە وێکچووەکان زۆرن. بۆچوونەکانیشیان لە زۆر ڕوویەکەوە یەکدی دەگرنەوە.

ئەوەی پێوەندیی بە زمان و ئەدەبی کوردییەوە هەیـە، لـەڕووی بەرهەمـەوە دەوڵەمەندە و لەڕووی جۆریشەوە داهێنانی باشی تێدا کراوە، بەڵام لێژنەی دانانی پرۆگرامەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتیان بە هەر دوو سەرچـاوە نەبەسـتووە و فەرامۆشــیان کــردوون. بــەپێی تێڕوانینــە نەریتگەراییەکانیانــەوە نــاوەڕۆکی کتێبەکانیان داڕشتووە و پشتیان بە هیچ تیۆرێکی زمانەوانییەوە نەبەستووە. ئـەو ڕێچـکەیەی پێڕەویـان کـردووە گەلەپرسـیارێك دەوروژێنێـت. لـە بەشـی دووەمـدا هەوڵـدەدرێت لـەمیانی ڕاڤـەکردنی چـەند وشـەیەکی لـە نێـو دەقـە ئەدەبییـەکانی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمدا وەڵامیان بدرێتەوە.

بەشی دووەم:
پراکتیزەکردنی ڕاڤەکردنی وشەکان لە چەند دەقێکی ئەدەبیدا

لە کۆتایی هەر بابەتێکی بەشی ئەدەبی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی - پۆلی دەیەمی ئامادەییدا و لەژێر ناوونیشانی (لێکدانەوەی وشەکان)دا، خشتەیەکی دوو ئەستوونی وەك فەرهەنگۆکەك ڕێکخراوە و لەلای ڕاستەوە وشەیەك دانراوە و بەرانبەرەکەی واتایەکەی دەستنیشان کراوە، جاری واش هەیە دوو وشە بە یەك واتا ڕاڤەکراون و مانای دوو وشە یان زیاتریش بە یەکسانی بەراوردکراون، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پێگە و ئەرکیان لە سیاقی ئاخاوتندا بکرێت، یان لەگەڵ پێچەوانەکانیاندا بەراورد بکرێن، یان چەمکەکانیان ڕاڤە بکرێن، یانیش بەکارهێنانیان لە ڕستەدا ڕوون بکرێتەوە، بەڵکو وشە بەرانبەر وشە دانراوە. ئەمە ئیشکالیەتێکی ئاڵۆزە و لە دوو لایەنەوە گفتوگۆ هەڵدەگرێت. لە لایەنێکەوە ئەم ڕاڤەکردنەی وشەکان پشت بە بنەمایەکی زانستی نابەستێت، لە هەندێك شوێنیشدا هاودژە لەگەڵ تیۆرەکانی تایبەت بە زمانەوە. لە لایەنێکی دیکەوە، هەندێك لە وشەکان بە هەڵە لێکدراونەتەوە، کە واتاکانیان لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیدا یەکتر ناگرنەوە، تەنانەت واتاکانیان لە دەربڕینەکانی زمانی ئاسایی قسەکردنیشەوە نزیك نابنەوە. هەندێ لە شارەزایانی زمان و ئەدەب، ئەم جۆرە ناساندنی وشەکان کە واتایەکی جێگیر و دەستنیشانکراویان هەیە، بە دیاردەیەکی ترسناکی پاشکەوتوو وەسف دەکەن و کاریگەری نەرێنیشی لەسەر ئاستی زانستی فێرخوازان دەبێت، لەم بارەوە ((جێگیربوونی واتای وشەکە لە بەرقەراربوونی ئەو سیاقانەدا دروست دەبێت کە واتا بە وشەکە دەبەخشن، بۆیە جێگیربوون لە واتای وشەکاندا شتێك نییە کە بە گریمانە وەربگیرێت، بەڵکو هەمیشە دەبێت شی بکرێتەوە)) (Richards, 1965: 11). ئەگەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی دوا چاپی کتێبی پرۆگرامی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی پێڕەوکراو لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بکرێت، ئەوە کێشەیەکی دیکەی دوو لایەنی سەرهەڵدەدات:

١- لێڵی و تەمومژاوییێك لەنێوان واتای دوو وشەدا پەیدا دەبێت، کە ناولێنانیان لە ئەنجامی کردەوەیەکی هاوبەشدا بەدەست نەهاتووە. هەر واتایەکیش گوزارشت لە شتێك بکات، یان تێگەهشتنێك رووبدات، ئەوە بە

کردەوەیەکی سێکوچکەییەوە پەیوەستە، کە لەنێوان سەرچاوە و هێما و هێمابۆکراوەکاندا ڕێکدەخرێت (المسدي، ٢٠٠٦: ١١٨)، بەلام کە ئەو پێوەندییەی لەنێوان پێکهاتەکانی کردەوەی ئەو سێکوچکەیە نەما، ئەوە واتاکەشی دەشێوێت و ئەرکی کردەوەی سێکوچکەیەکی دیکە هەڵدەگرێت.

٢- ستراکچەری زمان لەنێوان دەقە نووسراوەکان و قسەپێکەرانی تێکدەدات، بە تایبەتی کە قوتابی ناتوانێت توانا فێرکارییەکانی لەبارەی چەمکی وشەکانەوە لە قۆناغی چەمکە ئاساییەکانەوە بەرەو قۆناغی چەمکە زانستییەکانەوە ببات. بە تێکچوونی ئەم هاوسەنگییەی لەنێوان هەردوو لایەندا، خوێندنی بابەتی ئەدەب یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی لەدەست دەدات.

لەنێو توێژینەوە ئەدەبییەکاندا ڕاستییەکی سەلمێنراو هەیە، کە ((جۆری شێواز بەپێی پێوەندییەکانی لەنێوان وشەکاندا دەستنیشان دەکرێت)) (Wellek, 1980: 179)، بەلام ئەو شێوازەی لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دەیەمدا پەرە پێدەدرێت و لە دوا چاپیشیدا دووبارە کراوەتەوە، جەخت لەسەر جێگیربوونی واتای وشەکان دەکات. ئەمەیش تێکالۆزبوونێکی زمانەوانی ـ ئەدەبی دروستدەکات، بۆیە بە پێویست دەزانرێت، کە هەندێکیان وەك نموونە لێکبدرێنەوە و پێگەیان لەنێو فەرهەنگە زمانییەکان و دەقە ئەدەبییەکاندا بە درێژی ڕوون بکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش لەمیانی ئەم چوار وشەی خوارەوەدا، هەموو لایەنەکانی کارەکە شی کراونەتەوە و بە هەمان شێوە، دەکرێت ئەنجامەکانیشیان، لەسەر چەندین وشەی دیکەی نێو کتێبەکەدا پراکتیزە بکرێن:

یەکەم: لە بابەتی ئەدەبی کلاسیزمی کوردی ـ شێوەزاری گۆراندا، ژیاننامە و هەندێ بەرهەمی شیعری مەلای پەریشان (١٣٥٦- ١٤٢١) هاتووە، کە لە سەرەتای یەکێك لە پاڕانەوەکانیدا دەڵێت:

خودا من بەندەی ناچیز و زەلیل

گونام کەسیرەن، تاعەتم قەلیل (لیژنەیەك، ٢٠١٩: ١٣٦)

لە (لێکدانەوەی وشەکان) دا، وشەی ناچیز بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە (ناچیز: ناچیزە، خراب). بەلام ناچیز بە واتای خراب ناهێت، بەڵکو وشەیەکی لێکدراوە و لە (نا) و (چیز) پێکهاتووە: (نا) کە ئامرازی نەرێیە و هەبوونی ناوەڕۆکی وشەی

دووەم ڕەتدەکاتەوە و پێچەوانەی واتاکەی دەسەلمێنێت. چیز وشەیەکی فارسییە بە واتای (مال، دارایی) دێت (نجفی، ١٣٧٨: ٤٥٩)، یان شتێك کە بوونی هەبێت (التونجی، ١٩٦٩: ٢٢٥) و بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا بە (شت) یان هەر شتێکی بێ گیان دێت (گولی، ٢٠٠٢: ١٥٦). وشە لێکدراوەی (ناچیز)یش وەك ئاوەڵناو بە واتای (اندك، کم، بی ارزش) دێت (عمید، ١٣٧٨ھ: ١١٤٦). ئەگەر وشە فەرهەنگییەکەی لە زمانی فارسیدا وەربگرین و بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا بەواتای (پچەك، کێم، بەرنەکەتی، بێ قیمەت) دێت (گولی، ٢٠٠٢: ٣٥٣-٣٥٤).. وشەی (ناچیزە)یش بە واتای ژنێ کە لە فەرمانی شوو سەرپێچی دەکا. بە فارسیش دەبێتە (زن ناشزە) (شرفکندی، ١٣٦٩ھ: ٨٥٠). بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە، وشەی (ناچیز) دوورە لە واتای خراب، کە لە لێکدانەوەی وشەکانی نێو کتێبی ناوبراودا هاتووە. لەبارەی دەربڕینە ئەدەبییەکەیشی دێڕە شیعرەکە، بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە: (خودا من بەندەیەکی بێ بەها و سووك و ڕیسوا، گوناحم زۆرن و تاعەتم کەمە). ئەمەش بۆچوونێکی ئاساییە بۆ کەسێکی زانا و باوەڕداری وەك مەلا پەریشان، کە خۆی بە بچووك و بێ بەها بەرانبەر گەورەیی خودا دابنێت، تەنانەت خۆی بە مرۆڤێکی بێ کەلك و ڕیسوا و شەرمەزار ئەژمار بکرێت، بەڵام ناگاتە ئاستی خرابی. بەپێچەوانەوە مەلا پەریشان ((دژی هەندێ لە سۆفیەکانیش بووە و لەگەڵ خۆبەزلزانەکان بە کافریان دادەنێ چونکە خۆیان کردۆتە هاوشانی خوا و پێغەمبەر "د. خ")) (شوان، ٢٠١٢: ٩٥).

لەم لێکدانەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە ڕەچاوی بنەماکانی زانستی فەرهەنگسازی نەکراوە و بەپێی تیۆری واتایشەوە بایەخی بە پەروەردەکردنی سۆزداری فێرخواز نەدراوە، بە تایبەتی کە سیفەتی خراب دەدرێتە پاڵ شاعیرێکی گەورە و خوداناس. ئەمەش لە دوو لایەنەوە ئامانجە فێرکارییەکەی ناپێکێت. لە لایەنێکەوە بەهای هونەریی شاعیر و شیعرەکەی لەپێش چاوی فێرخوازانەوە نامێنێت. لە لایەنێکی دیکەشەوە هاوکێشەیەکی نەرێنی دروست دەکات، کە لەڕووی بیرکارییەوە سیفەتە جوانەکانی خودا کە بێ کۆتایین بەرانبەر بێ سیفەتی کەسێکی خراب بەراورد دەکرێن. بەپێچەوانەوە، ئەگەر ژمارە بێ کۆتاییەکانی لایەنی یەکەم بەرانبەر ژمارەیەکی بچووکی لایەنی دووەم بەراورد

بکرێت، ئەوە هەردوو لایەنی هاوکێشەکە: مەزنی و میهرەبانی خودا لە ئاسمان و داوابەخشین و خاکیبوون و گوێڕایەڵیی شاعیر لەسەر زەوی، وەك دوو بەهای باڵا لاسەنگ دەبن و لە مێشکی فێرخوازدا دەچەسپێن.. چەسپاندنی ئەم هاوکێشەیەش ئامانجێکی سەرەکی وانەکە بووە. بەڵام ئەوەی لەمیانی ڕاڤەکردنی وشەکانی کتێبی خوێندندا پێشکەشکراوە، ئامانجەکانی وانەکەی نەپێکاوە و مەبەستی سەرەکی شیعرەکەیشی تێکداوە.

دووەم: لەژێر ناونیشانێکی لاوەکی (جە و وارێن کوردستانێ) لە بابەتی (مەلای باتێ ١٦٧٥- ١٧٦٠) دا (لیژنەیەك، ٢٠١٩: ١٩٩)، هەڵبەستێك هاتووە، کە تێیدا وەسفی سروشت دەکات، ئەم چوارینە بەم شێوەیە نووسراوە:

کە ڕۆڤێ گرتی نەسرینە
جەمەد شینبوو ل سولینە
گریا مە تێ ژ بۆ ئەسمینا
پەریشانم ل ڤی حالەی

لە لێکدانەوەی وشەکانی کۆتایی بابەتەکەدا، سێیەم دێڕی چوارینەی سەرەوە، بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە: (گریا مە تێ ژ بۆ ئەسمینا: گریانمان بۆ ئاسمان دێ) (هەمان سەرچاوە: ٢٠١). ئەسمین وشەیەکی باوە لە زمانی کوردیدا و ناوی گوڵێکە و بە هیچ شێوەیەك بە واتای ئاسمان نایێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی سەرەوەش هەوڵدەدرێت لەنێو ئەم بەڵگانەی خوارەوەدا شی بکرێتەوە:

١- ئەم گوڵە ناسراوە و ناوی لە زۆربەی فەرهەنگە زمانییەکانی کوردیدا هاتووە. لێرەدا هەندێك نموونە لەو فەرهەنگانە دەستنیشان دەکەین، کە کوردی- عەرەبین، یان کوردی ـ فارسی، یانیش کوردی ـ تورکین. لەبەر زۆریی ژمارەیان، تەنیا لە هەر جۆرێك ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، بۆ نموونە: لە فەرهەنگی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية)دا کە، فەرهەنگێکی دێرینی کوردی ـ عەرەبییە و لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا دانراوە، وشەی ((ئەسمین: الياسمين)) (المقدسی، ١٩٨٧: ٨) هەر بە ناوی گوڵێك هاتووە. ((ئاسمین: گولا یاسەمینێ)) (پێندرۆیی، ٢٠١٢: ١٢). ((ئاسمین: ناڤێ گولەکێ یە، یاسمین)) (مشەختی، ٢٠٠٦: ١٦). ((ئاسەمین: یاسمین)) (قاضي، ٢٠٠٥. ١٢). ((ئاسمیین، یاسەمەن، یاسەمیین: جۆرە ڕووەکێکە کە گوڵی

یاسەمیین دەگریَ. گوڵی یاسەمیین ناوە بۆ کچانیش. زهرة الیاسمین المعروفة. ویأتي إسماً للبنات أیضاً)) (گردعازبانی، ١٩٨٥: ١٠٦).

لە فەرهەنگە کوردی تورکییەکانیشدا، بە شێوەزاری بۆتانی وشەی ئاسمین (Asmin) هاتووە و بەرانبەرەکەی وشەی تورکی (Yasemin) هەیە (Farqînî, 1992:56). لە فەرهەنگە کوردی ـ فارسییەکانیشدا، هەر سێ وشەی (یاسەمەن، یاسەمەنە، یاسەمین) گوزارش لە ناوی گوڵی ئاسمین دەکەن، بۆ نموونە: (١) یاسەمەن: داردەوەنێکە لە سەرەبەهاردا گوڵی سپی یان بنەوشی زۆر بۆن خۆش دەکا. (٢) ناوە بۆ ژنان. (ف) ١ـ یاسمین ٢ـ نام زنانە (شرفکندی، ١٣٦٩هـ: ١٠٢٧). لەنێو کوردانیشدا، زۆر جار ناوی کچ بە ناوی گوڵێك ناودەنرێن، وەك: نێرگز، بەیبوون، شلێر، سۆسن، لەوانەیش ئاسمین کە یەکجار زۆرە.

٢- زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد هەردوو وشەی فارسی (یاسەمەن) و (سەمەن) لەجیاتی گوڵی ئاسمینیان بەکارهێناوە. لە فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی ـ سالم ـ کوردی) دا، ئەو هەردوو وشە بۆ گوڵی ئاسمین لێکدراونەتەوە (عارف، ٢٠٠٧: ٥٢٥ ـ ٩٧٨). ئەم دێڕە شیعرەی نالی وەك نموونە هێناوەتەوە:

ڕەیاحین پەرچەم و لالە کولاه و یاسەمەن تورە
بەنەفشە خاڵ و نەرگس چاو و گوڵ زار و سەمەن ساقە

ئەحمەدی خانیش وشەی (سەمەن)ی بۆ هەمان مەبەست بەکار هێناوە:

گول پیرەهەنان، سەمەن قەبایان
شەککەر دەهەنان و قەندخایان

ئەم دێڕە شیعرە بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە ((سەمەن قەبا: سەمەندێرە، کەسا/ کەسێ کو فیستانێ وێ ژ پەلکێ گولا یاسەمەنێ یە)) (خانی، ٢٠٠٧: ٥٨١-٥٨٢). لە (فەرهەنگی مەم و زینی خانی) یشدا وشەی (سەمەن) هەر بە یاسەمین هاتووە (گەردی، ٢٠١٦: ١٧٤).

٣- هەندێ لە شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، کە زمانی شیعرییان نزیکبووە لە زمانی خەڵك بە زۆری وشەی کوردییان بەکارهێناوە، لەوانە فەقێ تەیران (١٥٤٩- ١٦٣١) ناوی گوڵی ئاسمینی هەر بە کوردی هێناوە:

نە چیچەك مان، نە ئاسمین مان
نە زۆزانێ د ڕەنـــگین مــــــان
نە گوییێ د خوەشخوین مـان
نە نیســـــان مـــــان نە ئـادارە (فەقێ تەیران، ٢٠٠٥: ١٦٥)

یەکێ لە خەسلەتەکانی شیعری مەلایی باتەییش ئەوەیە، کە زیاتر وشە کوردییەکانی بەکارهێناوە. بۆ نموونە چەندین جار بە کوردی ناوی گوڵی (ئاسمین)ی لە شیعرەکانیدا هاتووە:

ژ ئاسـمین و تـــەرازن بـــــوو
ب ناز و عیشوە مـــازن بـوو
خڕینا تـــۆق و بـــــازن بــــوو
گوهار شۆڕ بوون ل سەر سینە (باتەیی، ١٩٩٨: ٩٨)

یان لەم دێڕە شیعرەدا:

حەلقەیێ دابەست و هاتن عەقرەب و ئیلان و مار
نێرگزا شـــــەهلا شــــەپالی ئاســـمینا میر غـوزار (هەمان سەرچاوە: ١٠٠)

لە سیاقی دەقە شیعرییەکەیدا دیارە، کە شاعیر لە کۆتایی مانگی (چریا پاشین - تشرینی دووەم)دا لە جۆلەمێرگەوە بەرەو مۆکسێ سەفەر دەکا و ((لەڕێگا تووشی بەفرێکی ئەستوور دەبێ و ڕزگاری لێ نابێ و تا دەبێتە هۆی خنکانی لەناو زەریای بەفر.... گرنگیی ئەم شیعرە لەوەدایە کە باتەیی وەسفی دیوێکی تری سروشت دەکا، ئەمە کەژی زستانە. دروشمی گرژی و قوچانەوەیە)) (خەزنەدار، ٢٠٠٢: ٤٠٢)، بەڵام ئەو ناوی گوڵەکانی نێرگز و سولین و نەسرین و ئاسمین باسکراون، جگە لە وەسفی سروشت، شاعیر سەردەمی گەشتەکەی و شوێنی ڕۆیشتنیشی لە شیعرەکەدا باس دەکات.

٤- لە شیعری نوێخوازیی کوردیشدا، زۆر جار ناوی گوڵی (ئاسمین) دەبینرێت. د. عارف حیتۆ لە هەڵبەستی (ڕازا عەڤران و عشقا هەسپێن حێنج) بەم شێوەیە گوڵی ئاسمینی لەم وێنە شیعرییەدا هۆنیوە:

بەری دل ببیتە خولیدانك

دێ کەمە گولدان و ئاسمینەکێ پێڤە شۆرکەم (حیتۆ، ٢٠١٢: ١٩٢)

لە دیوانی (حافز ئەنوەر مایی)دا، کە هێشتا دەستخەتە، بەڵام هەڵبەستی (کەوا سپێدێ بخوینە) کە بووەتە گۆرانی، دەنگی داوەتەوە و کەم کەس هەیە نەیبیستبێت. شاعیر لە یەك کۆپلەدا ناوی شەش گوڵی هێناوە و ئەوەی زیاتر هەموویان خەملدار و دانسقەیە گوڵی ئاسمینە:

ناڤ هەلال و بەیبوینا　　ناڤ حەودا ڤان ئاسمینا

ناڤ گول و گولشلێلا　　ناڤ سوسن و بویکینا

کەوا سپێدێ بخوینە

لە ئەنجامی لێکدانەوەی ئەو بەڵگانەی سەرەوەدا، دەکرێت هەڵەکانی چوارینەی ناوبراو، لەم چەند خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١- واتای وشەی ئەسمین بە هەڵە ڕاڤەکراوە و بە واتای ئاسمان داناوە، ئاسمان نییە گوڵە.

٢- سەروای چارینەکە تێکدراوە، دوو دێڕی یەکەم سەروایەکیان هەیە (نە، نە) و دێڕی سێیەم سەروایەکەی بووەتە (نا). ئەوەی ڕاستی بێت، دەبێت هەر سێ دێڕیان یەك سەروایان هەبێت، کە (نا)یە. سەروای دێڕی چوارەمی هەموو چوارینەکانی هەڵبەستەکە (نێ)یە، بەڵام ئەو دوو چوارینەی لەم کتێبەدا هاتوون، یەکێکیان سەروای (نە)یە و ئەوی دیکە (ـەی)یە. ئەمەیش هەڵەیەکی ئاوێتەییە، کە دوو گۆڕانکاری لە یەك دۆخدا کراون و هەردووکیان هەڵەن و ڕاستییەکەی (نێ)یە.

٣- هەندێك وشە لە ڕووی ڕێنووسەوە بە هەڵە نووسراون، وەك (گەرۆڤێ) کراوەتە دوو پارچە و بە هەڵە نووسراوەتەوە و بەم شێوەیە هاتووە (کە ڕۆڤێ)، کە لەڕووی ڕێنووسەوە هەڵەیە و لەهەمان کاتدا هیچ واتایەك نادات.

٤- دەستکاری لە دەقی هەڵبەستەکە کراوە و هەندێك وشەشیان گۆڕیوە، کە پێوەندییان بە واتای گشتی هەڵبەستەکەوە نییە، بۆ نموونە دێڕی چوارەمی چوارینەی دووەم، کە ڕاستییەکەی (پەریشانم ژ تالانێ)یە، لە کتێبەکەدا کراوەتە (پەریشانم ل ڤی حالەی).

٥- بەپێی ئەو هەڵە و کەموکورتیانەی، کە لەم چوار خاڵانەی سەرەوەدا دەستنیشان کراون و هەموویان لە یەك چوارینەدا هەبوون، بە پێویست دەزانرێت کە لەگەڵ دەقی چوارینە ڕاستییەکەی بەراورد بکرێت:

گەرۆڤێ گرتی نەسرینا   جەمەد شین بوو ل سۆلینا

گریا مە تێ ژبۆ ئاسمینا   پەریشـانم ژ تـالانـێ (باتەیی، ١٩٩٨: ١٠٤)

سێیەم: لە بابەتی (مەلا تاهای مایی ١٩٢٤- ٢٠٠٠)دا، باسی ژیاننامەی شاعیر دەکات و هەڵبەستی (شینی و تازیا شەهیدا)ی وەك نموونە هێناوەتەوە و لە کۆتایی بابەتەکەشدا لیستی (لێکدانەوەی پەیڤان) هەیە (لیژنە، ٢٠١٩: ٢١١- ٢١٥). ئەم دێڕە شیعرەی هەڵبەستەکە بەم شێوەیە نووسراوەتەوە:

وان مەغولا ڕاڤ دبەستن شێر و مێر سەر دهنجنین

توخم و نڤشێ وان قەلاندن هەمی گاڤا دپەچنین

دەستەواژەی (شێر و مێر) هەڵەیە و ڕاستییەکەی (مێر و مێر)ـە. وشەی (نڤش)یش هەڵەیە و ڕاستییەکەی (نفش)ـە. ئەم ڕاستکردنەوەیش پشت بە دیوانی شاعیر خۆی دەبەستێت، کە دێڕە شیعرەکە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

وان مەغولا ڕاڤ دبەستن مێر و مێر سەر دهنجنین

توخم و نفشێ وان قەلاندن هەمی گاڤا دپەچنین (مایی، ١٩٩٨: ٧)

جگە لە شێواندنی ڕێنووسی ئەو دێڕە شیعرە، لە (لێکدانەوەی پەیڤان)یشدا، وشەی (نڤش) بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە: (نڤش: زێمار) (لیژنەیەك، ٢٠١٩: ٢١٥). ئەمەش دوو جاران هەڵەیە: یەکەمیان، وشەکە (نڤش) نییە، بەڵکو (نفش)ـە. دووەمیانیش لەڕووی واتاییەوە وشەی نفش نە لە دوور و نە لە نزیکەوە پێوەندی بە واتای زێمارەوە نییە. زێمار بە واتای ((هاوار، شیوەن و ناڵە)) دێت (پێندرۆیی، ٢٠١٠: ٢٦٤). ئەو ڕاڤەی لەنێو کتێبی پرۆگرامی خوێندندا کراوە واتای وشەی (نفش) دەشێوێنێت و چەمکەکەیشی تێکدەدات. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەش، پێویستە لە چەندین ڕوویەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە و پێگەی دروستی وشەی (نفش) لە نێو فەرهەنگە زمانییەکاندا دەستنیشان بکرێت و ئەرکیشی لەسیاقی ئاخاوتندا ڕوون بکرێتەوە: لە (فەرهەنگی کوردی - تورکی)دا وشەی نفش بەم شێوەیە ڕاڤەکراوە.((nifş: 1- soy, kuşak, zurîyet 2- nifş: nesil)) ((نفش: ١- سۆی،

کوشاك، زۆرپییەت. ٢- نفش: نەسل)). بۆ واتای یەکەم، کە گوزارشت لە (زۆرپییەت) دەکات، لەڕووی سیاقی ئاخاوتنیشەوە، ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە: ((Pêşberî nifşa nû em nezan tên hesibandin ـ پێشبەری نفشا نوو ئەم نەزان تێن حەسباندن)). بۆ واتای دووەمیش، کە گوزارشت لە نەوە دەکات، ئەم نموونەی هێناوەتەوە: ((Nifşa hunerê ya salên heftêyî ـ نفشا هونەرێ یا سالێن هەفتێیی)). (Farqînî, 1992: 1302). لە فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزیشدا وشەی نفش یان (جیل) بەرانبەر (generation)ی ئینگلیزی ڕاڤەکراوە و ئەو نموونەیەی هێناوەتەوە ((دڤێ نفشا "جیلا" نوو خوە پێڤە مژوول بکە)) (Chyet, 2003: 415). لە فەرهەنگەکانی کوردی ـ کوردیشدا وشەی نفش هەر بەهەمان واتا هاتووە ((نفش: زۆرپییەت)) (مشەختی، ٢٠٠٦: ٤٨٢). لە فەرهەنگە کوردی ـ عەرەبییەکانیشدا وشەی نفش گوزارشت لە هەمان واتا دەکات ((نفش: جیل، سلالة)) (قازی، ٢٠٠٥: ١٩٧). لە فەرهەنگە کوردی ـ فارسییەکانیشدا بەم شێوەیە وشەی نفش ڕاڤەکراوە ((نفش: ١- تۆرەمە، بەرە؛ نەوع، جۆر "ف" نسل؛ ٢- نوع.)) (شرفکندی، ١٣٦٩هـ: ٨٦٧). لە ئەنجامی ئەم بەراوردکردنەوەی سەرەوەدا، هەوڵدرا هەڵەکان دەستنیشان بکرێن و جێگرەوەکانیشیان لە شوێنی خۆیی ڕاستەقینە دابنرێن، کە ئەمانەن:

١- لەڕووی ڕێنووسەوە هەر دوو وشە (نڤش، شێر) هەڵەن و ڕاستییەکانیان ئەمانەن: (نفش، مێر).

٢- لەڕووی واتای وشەی فەرهەنگییەوە، وشەی (نفش) پێوەندی بە زێمارەوە نییە و دوو تشتی جودان.

٣- لەڕووی ڕەوانبێژییەوە، بە هیچ شێوەیەك لە سیاقی ئاخاوتنیشدا وشەی (نفش) جێگەی (زێمار) ناگرێتەوە.

٤- لەڕووی مۆرفولۆجییەوە، جیاوازی لەنێوان مۆرفیمی سادە و مۆرفیمی لێکدراو نەکراوە، کە وشەی (مێر) وەك مۆرفیمێکی سادە بەواتای پیاو دێت و وشەی (مێر و مێر) کە دەستەواژەیەکە بە واتای (پیاو و پیاو) یان تاك و تاك سەریان بە ئەردەوە دەشێلا. وشەی (مێر) ی یەکەم کراوەتە (شێر) کە لەبنەڕەتدا لەنێو ئەو دێڕە شیعرەدا نییە.

بۆ ئەوەی هەڵەكانی سەرەوە ڕوونـەدەن، وا باشـە دانـەرانی كتێبـی زمـان و ئەدەبی كوردی بە وردی دەقە ئەدەبییەكان لێك بدەنەوە و لەو زانیارییانە دڵنیابن كە لە بارەی ژیان و بەرهەمەكانی نووسەر و شاعیرانەوە وەردەگیرێن. ئەگـەر ئـەم لایەنە ڕەچاو بكرایە، بە ئاسانی شێوەی وشەی (نفش) بە دروستی دەنووسرا، كـە لە هەڵبەستێكی دیكەی شاعیردا هاتووە:

كو یا هاتیە سەریێ ڤی نفشیێ بیێ ڕێك

هەمی كوڤان و داخا دڤێت ڤەهینن (مایی، ١٩٩٨: ١٧٨)

هەروەها واتاكەیشی دەزانرا، كە لە هەڵبەستی (زێمـار مرنـە) دا هـاتووە و بە ڕوونی واتای زێمار دیارە و لەگەڵ قیڕی و قژ ڕاكێشانەوە هاتووە و پێوەندی بە وشەی نفشەوە نییە:

ویێ دانا سینگی ب مستا ڕاكێشان بسـك و كەزی

خوەش كرن زێمار و قیڕی ئەسما بیێ پێژن بەزی (هەمان سەرچاوە: ١٥)

لەبەر ئەوەی وشەی زێمار لـەنێو شـیعرەكانی مایيـدا چـەندین جـار دووبـارە دەبێتــەوە، بۆیــە لــەڕووی ئامــاری ئەدەبییــەوە، وەك وشــەیەكی كلیلــی ئــەژمار دەكرێت:

د بەر خو دا جلكا بدڕینین

هەر بكەین گری و زێمار (هەمان سەرچاوە: ١٨٦)

لەم ڕوونكردنەوەی سەرەوەدا، ئـەو ڕاسـتییە سـەرهەڵدەدات، كـە لێژنـەی نــاوبراو ئاگایــان لــە بەرهــەمی شــاعیر نــەبووە و دەقەكــە لــە سەرچــاوەیەكی بــاوەڕپێكراو وەرنــەگیراوە. ئــەم جــۆرە حاڵەتانــە لــەنێو كتێبــە ئاســاییەكانی خوێندنەوە ڕوودەدەن، بەڵام لەنێو كتێبەكانی پرۆگرامی خوێندنی فەرمیدا كارێكی پەسەند نییە.

چوارەم: لە بابـەتی (كامـەران مـوكری ١٩٢٩– ١٩٨٦)دا (لیژنەیـەك، ٢٠١٩: ٢١٦– ٢٢٢)، یەكێك لە مەبەستە شیعرییەكانی خۆشەویستییە، لـە هەڵبەسـتێكدا ئەم دێڕە شیعرە بەم شێوەیە هاتووە:

كە پەرچەمت ڕشتە سەر ڕوو

ئاگــــر لە دەروونم بەربــــوو

لەم دێڕە شیعرەدا (دەروون) وەك وشەیەکی فەرهەنگی وەرگیراوە و لە لیستی لێکدانەوەی وشەکانیشدا بە (هەناو، هناڤ) ڕاڤەکراوە (هەمان سەرچاوە: ٢٢٢). ئەگەر ئەم واتایە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا شتێکی ئاسایی بێت و لەنێو فەرهەنگە زمانییەکانیشدا هەمان واتا هەڵبگرێت، بەڵام لە ناوەندەکانی خوێندندا کارێکی زانستی نییە. لەڕووی زانستییەوە، دەروون زاراوەیەکە و چەمکەکەی زۆر فرەوانترە لە وشەیەکی فەرهەنگی. چەمکیش ناو و پێناسە و پێکهاتە و پێوەندییەکانی هەیە، دەبێت بە وردی بناسرێت و نابێت دوو واتای هەبێت. ئێستا (دەروون) زاراوەیەکە و لەنێو زانستی دەروونناسی و گشت بوارەکانیدا جێگیر بووە و لەنێو توێژینەوە ئەدەبییەکانیشدا بەکاردێت. لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیدا (دەروون، النفس، Psyche) (لیژنەی ئەدەب، ٢٠٠٦: ٤٤) و لە فەرهەنگی دەروونناسیشدا (دەروون، نفس، Psyche) (شریف، ١٩٨٥: ١٦٢) هاتووە. شیکردنەوەی چەمکی هەر زاراوەیەك لە پرۆگرامەکانی خوێندندا دەبێت لە هەموو وانەکان و بابەتەکاندا هەمان بۆچوون و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت و بە یەك جۆر بنووسرێت.

کاتێك فێرخواز فێری زاراوەکان نەکرێت و نەتوانێت چەمکەکانیان لێك بداتەوە، لێڵی و شێواندنێك لە مێشکیدا دروست دەبێت و ئەستەمە لە ئاستی زمانی ڕۆژانەی خەڵکەوە بەرەو زمانی زانستی یان زمانی ئەدەبی بڕوات. لە تێگەیشتنی ورد و دەستنیشانکردنی مەبەستەکانی ئەو زاراوەیە دوور دەکەوێتەوە. بۆ نموونە زاراوەی (دەروون) واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە و پێکهاتەکانی چەمکەکەیشی زانراون. ئەگەر بەپێی ڕاڤەکردنی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بێت، کە دەروون و هەناو یەك واتایان هەیە، ئەوە فێرخواز ناتوانێت جیاوازی لەنێوان پزیشکی هەناو و پزیشکی دەروونیدا بکات، لای ئەو هەردوو یەك پسپۆری دەبن، یانیش نەخۆشییەکانی دەروونی و نەخۆشییەکانی هەناوی تێکەڵاو دەکات، کە لە بنەڕەتدا دوو پسپۆری جودان و هەر یەکێکیان بنەما زانستییەکانی تایبەت بە خۆوە هەیە. لێرەدا ئاستی مرۆڤی خوێندەوار و نەخوێندەوار دەردەکەوێت، کە کەسی خوێندەوار بە شێوەیەکی زانستی چەمکی زاراوەکان بەکاردێنێت و کەسی نەخوێندەواریش بە کەموکورتییەوە لە چەمکەکان تێدەگات. ئەرکی ناوەندەکانی خوێندنە هەردوو لایەنان لێك جیا بکاتەوە.

زاراوەکانی هەر زانستێك، لەنێو زانستەکانی دیکەیشدا هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لەوانەیە پێش جێگیرکردنیان، بە چەندین جۆرەوە لەنێو دەقە کۆنەکاندا بەکار هاتبن و لەنێو بابەتە شیکارییەکانیشیاندا وەك وشەی فەرهەنگی لێك دەدرێنەوە. سەرەڕای ئەوە، کە لەنێو شیعردا بەپێی سیاقی دەقەوە واتای دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە هەڵبەستی (چراغ جەخاودا) ی بێسارانیدا (١٦٤٣–١٧٠١) وشەی (دەروون) دوو جار بەکارهاتووە:

واتم مەر بدیە وە جەستەی حالْم

بزانی پەی چێش دەروون زوخالْم

تۆ جە طانەی بەد ڕەقیبان تەرسای

هیچ حالْ دەروون سفتەم نە پەرسای (بێسارانی، ١٣٨١هـ: ٦٤)

وشەی (دەروون) لەم دوو دێڕە شیعرەدا دووبارە بووەتەوە، هەر جارێکیش بە واتایەکی هەندێك جیاوازەوە مەبەستی شاعیر دەخاتەڕوو، بۆیە بە وشەیەکی فەرهەنگی دادەنرێت. ئەم وشە فەرهەنگییەیش زیاتر لای شاعیرانی سەر بە دیالێکتی گۆران بەکاردەهات، بۆ نموونە لە دیوانی بێسارانیدا زیاتر لە بیست جار دووبارە دەبێتەوە (هەمان سەرچاوە: ٥٨– ١٩٣)، بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە ئەم وشەیە لە لایەن شاعیرانی دیالێکتی کورمانجی ناوەڕاستیشدا بەکارهاتووە، لەوانە کامەران موکری کە لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە و دواتر چەندین جار وشەی دەروون لە شیعرەکانیدا دووبارە دەبێتەوە (موکری، ١٩٨٧: ٤٥). خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە لە چارێکی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە و تا ئیستا (دەروون) وەك زاراوەیەکی زانستی پەسەندکراو لەنێو زمانی کوردیدا چەسپیوە، بۆیە وا پێویست دەکات، کە لە نێو بابەتەکانی خوێندنیشدا وەك زاراوە ڕاڤەبکرێت.

* * *

لەمیانی ئەو چوار نموونەی سەرەوەدا، هەوڵدرا هەڵە و کەموکورتییەکان دەستنیشان بکرێن و بەپێی بەڵگەی پێویست ڕاست بکرێنەوە. ئەگەر ئەم پرۆسەیە؛ لە بوارەکانی دیکەی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندندا، بابەتێکی ئاسایی بێت، بەڵام بۆ کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی فەرمی کارێکی دروست نییە. ناکرێت ئەو هندە هەڵەی زانستی لە چاپی سێزدەمینی کتێبەکەدا هەبێت، بە تایبەتی کە

دوا چاپە و گوایە دوازدە جار پێداچوونەوەی بۆ کراوە و لە هەڵەکان پاك کراوەتەوە. ئەو هۆکارانەی ڕێخۆشکەربوونە کە کەموکوڕییان ڕووبدەن، دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی:

١- لەدانانی کتێبی پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردیدا، پشت بە تیۆرەکانی دانانی پرۆگرامەکانەوە نەبەستراوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێوەندییەکانی لەنێوان پرۆگرام و وانەوتنەوە و فێربوون و فێرکردن لە یەکێ لە تیۆرەکاندا تێکهەڵکێش بکرێن. لەم بارەوە، سێ تیۆری گەورە هەن، کە گەشەیان کردووە و بابەتی پرۆگرامەکان چارەسەر دەکەن، کە تیۆری Miccia و تیۆری Gohnson و تیۆری Macdonald جگە لەمانە چەندین تیۆری دیکەی دەروونیش هەن، کە لەبیرکردنەوە و کردەوەی پرۆگرامەکاندا بەشدار دەبن (سلامة، ٢٠٠٨: ٨٥-٨٨).

٢- لێژنەی دانانی پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردی، پشتی بە شارەزایی خودی و تێڕوانینە کەسایەتییەکانەوە بەستووە و، لە گرنگترین چوار بنەمای دانانی پرۆگرامەکان دوور کەوتوونەتەوە، کە ((بنەمای فەلسەفی، بنەمای دەروونی، بنەمای کۆزانیاری و بنەمای کۆمەڵایەتین)) (الخوالدة ،٢٠١١: ٥٠). بەپێی ئەم بنەما ستاندارەکانی سەرەوە، هەر هەڵسەنگاندنێك لە پرۆگرامەکانی کۆن یان پێڕەوکراودا بکرێت، تا ڕادەیەکی زۆر کەموکورییەکان بنبڕ دەکرێن.

ئەم شێوازەی سەرەوە، کە لێژنەی دانانی کتێبەکانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە پێڕەوی دەکات، دوو هەنگاو لە ڕێچکەی زانستیی دانانی پرۆگرامەکانەوە دوورن:

١- چەندین وشە واتاکانیان بە هەڵە لێکدراونەتەوە و وەك دوو لایەنی یەکسان بەرانبەر یەکتر کراون. لەڕاستیدا وا نییە و واتاکانیان یەکتر ناگرنەوە. بەپێچەوانەوە دەبێت وشە پێناسە بکرێت و ئەرکی بزانرێت و پێگەیشی لە سیاقی قسەکردندا ڕوون بکرێتەوەو واتای لە ڕستەدا شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی قوتابی لێی تێبگات و لەگەڵ وێنە و ناوەڕۆك و قسەپێکردنەکەیدا ئاشنا بێت و زمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکات.

٢- قوتابی بە گومانەوە، دەڕوانتە فەرهەنگی زمانەکەی. بە شێوەیەکی دروست فێری بەکارهێنانی نابێت. هەر وشەیەکی نوێ ببینێت، بەبێ ئەوەی بیر لە

پێکهاتە و ئەرکی بکاتەوە، یەکسەر لەدوای وشەی هاوواتاکەی دەگەڕێت. ئەم جۆرە شێوازە لە وەرگرتنی واتای وشەکان ڕێ لە گەشەسەندنی زمانی ئەدەبی دەگرێت و هونەرە شاراوەکانیشی وەك ئایرۆنی و پارادۆکس و سارکازم فێر نابێت. دەرئەنجام لە کەلتوورە نەتەوەییەکەی دوور دەکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەنجامە نەرێنییەکانی هەردوو خاڵی سەرەوە، ڕاستییەکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە، کە دوورکەوتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە بنەما زانستی و فەلسەفییەکانی ڕاڤەکردنی وشە لە دەقە ئەدەبییەکاندا، ڕاستەوخۆ کارێکی نەرێنی لەسەر ئەرکی بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکاندا دەکات. ئەم کارلێکردنەیش لە دوو لایەنەوە زیان بە کار و پلانەکانیان دەگەیەنێت: لە لایەنێکەوە تواناکانیان زیاتر بەرەو سەرڕاستکردنی هەڵەکان دەڕوات. لە لایەنێکی دیکەوە کارە سەرەکییەکانیان لەنێو ڕێکخستنەوەی زانیارییە سەرەتاییەکاندا قەتیس دەبێت. چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان و ڕێکخستنەوەی کارەکان پێویستی بە ماوەیەکی درێژ هەیە. لەو ماوەیەشدا، تا ڕادەیەکی زۆر بەشە ناوبراوەکان لە کاری ئەکادیمی و پەرەپێدانی زمانی کوردی دوور دەکەونەوە.

ئەنجام و پێشنیاز

ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکرێن:

١– منداڵ لە ماڵەوە فێری زمانی یەکەم (زمانی دایك) دەبێت. ناوی شتەکانی دەوروبەر دەزانێت. ڕێژەیەکی باش لە وشەی فەرهەنگی بە چەمکەکانیانەوە لە مێشکیدا دەچەسپێن. ئەو چەمکانەی بە هەڕەمەکی فێر بووە، لە قوتابخانەدا بەپێی بنەما زانستیەکانییەوە فێر دەکرێت و ئەویش دەتوانێت واتا وردەکانیان لێك جیابکاتەوە. بە پێچەوانەوە کە هەر دوو قۆناغ تەواوکاری یەکدی نەبن، ئەوە متمانەی منداڵ بەو زمانەوە سست دەبێت و بەپێی ڕادەی سستبوونەکەیشی دیاردەی پشتگوێخستن سەرهەڵدەدات و بیر لە بەکارهێنانی زمانێکی دیکە دەکرێتەوە.

٢– لە لێکدانەوەی بۆچوونەکانی هەر سێ لایەنی فەلسەفی و زمانەوانی و ئەدەبی لەبارەی وشەوە، واتا وردەکەی لە سیاقی ئاخاوتندا دەردەکەوێت و مەرج نییە هەمان واتا فەرهەنگییەکەی جێگیر بێت. ئەمە ڕاستییەکە و لەنێو کەلەپووری زانستی دەقەرەکەمان و تیۆرە زانستییەکانی هاوچەرخیشدا سەلمێنراوە. لەنێوانیاندا خاڵە وێکچووەکان زۆرن. بۆچوونەکانیشیان لە زۆر ڕوویەکەوە یەکدی دەگرنەوە، بۆیە بە سەرچاوەی سەرەکی دادەنرێن کە پرۆگرامەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لەسەری بنیات بنرێن.

٣– پرۆسەی پێڕەوکراو لەدانانی پرۆگرامەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە وەزارەتی پەروەردەدا، بنەمایەکی تۆکمە ناڕەخسێنێت کە پرۆگرامەکانی هاوشێوەیان لە کۆلیژەکانی زمان و پەروەردەی بنەڕەتی و پەروەردە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدا لەسەری بنیات بنرێت و هەردوو لایەن تەواوکاری یەکتربن، بەڵکو دابڕانێکی زانستی لەنێوانیاندا دروست کردووە و لەم مەودایەدا زۆربەی کێشە تەکنیکی و زانستییەکانی زمان و ئەدەبی کوردی سەرهەڵدەدەن.

٤- زۆربەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، کە (کوردی - کوردی) یانیش کوردی - کوردی و زمانەکانی دیکەن، بنەما زانستییەکانی فەرهەنگسازییان ڕەچاو نەکردووە و کەموکورییان تێکەوتووە، بەڵام ئەوەی لەنێو کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت، سنووری هەڵەکانی ئەو فەرهەنگانەیشی تێپەڕاندووە. هۆکاری ئەم لەڕێ لابردنەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەندامانی لێژنەی دانانی پرۆگرامەکان، بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمانی کوردی یان پشتبەستن بە تیۆرە زانستییەکانەوە، بەڵکو بەپێی شارەزایی کەسێتی و ئاستی زانستیی خۆیانەوە وشەکانیان ڕاڤە کردووە، بۆیە زۆر جار دەقە ئەدەبییەکان لەڕووی ڕوخسارەوە دەشێوێنرێن و لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە تێکدەدرێن.

٥- ڕاڤەکردنی وشەکان لەنێوان دوو زمانی جیاوازدا، دەکرێت وشە بەرانبەر وشە دابنرێت، بەڵام لە یەك زماندا وا باشە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ڕەوانبێژییەوە وشەکان ڕاڤە بکرێن، ئەویش لەڕێگەی شیکردنەوەی واتای وشە یان دەستنیشانکردنی پێچەوانەکەی، یانیش ڕوونکردنەوەی پێگەی وشەکە لە سیاقی ئاخاوتندا و چەند نموونەیەك بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێن.

٦- لە ڕاڤەکردنی وشەکاندا، جیاوازی لەنێوان وشە فەرهەنگییەکان و زاراوە زانستییەکاندا نەکراوە. ئەمەش کێشەیەکی دوو لایەنی دروستکردووە: لە لایێکەوە واتای وشەکانی شێواندووە، لە لایێکی دیکەشەوە لێڵی لە چەمکی زاراوەکاندا دروستکردووە. لە ئەنجامی ئەم هاوکێشەیەدا شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان ئاڵۆز بووە، بۆیە دەبێت ڕاڤەکردنی وشە فەرهەنگییەکان بەپێی سیاقی ئاخاوتنەوە ڕاڤە بکرێن. زاراوەکانیش بەپێی ڕێکخستنی نەخشەی چەمکەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها پێوەندییە تایبەتییەکانی هەر زاراوەیەك لەنێوان پێکهاتەکانی خۆی و پێوەندییە گشتییەکانی لەنێوان ئەو و زاراوەکانی دیکەدا، کە پێوەندییان بەوەوە هەیە دەستنیشان بکرێن.

پێشنیاز:

١- پێشنیاز دەکەین کە لێژنەی دانانی پرۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە دەستبەرداری ڕێچکەی کۆنی ڕاڤەکردنی وشەکان بێت، کە لە کۆتایی بابەتەکاندا ڕێکدەخرێت، بەڵکو بەپێی تیۆرەکانی زمانناسی و فەلسەفەی ڕەوانێژییەوە ڕاڤە بکرێن، بۆ ئەوەی فێرخواز بە شێوەیەکی زانستی فێری ڕێزمان ببێت و هونەرەکانی ئەدەبیش ببنە بەشێك لە ڕۆشنبیریی ئەو و لایەنی مەعریفییەکەیشی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

٢- گشت شارەزایی و تواناکانی تەرخانکراو بۆ دانانی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی ڕێك بخرێن و لەبری ئەو ژمارە زۆرەی کە تا ئێستا بە ناتەواوی چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە، فەرهەنگێکی گشتگیر و بەپێی بنەما زانستییەکانی فەرهەنگسازی دابنرێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و دەزگە پەروەردەیی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان و خوێنەران پشتی پێ ببەستن.

سەرچاوەکان:

یەکەم: دیوان

١- بێسارانی، مەلا موستەفا بن قطب الدین (١٣٨١ه)، ئامادەکردن و ساغ کردنەوەی: صدیق صەفی زادە، انتشارات کردستان، سنندج.

٢- تەیران، فەقێ (٢٠٠٥)، ئامادەکرنا: سەعید دێرەشی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.

٣- حیتۆ، عارف (٢٠١٢)، سترانێن پەلا - کۆبەرهەمی شیعری، ب ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

٤- خانی، ئەحمەدێ (٢٠٠٧)، مەم و زین، ب ١، ب ڕاڤە و شرۆڤەیەك نوو: پەرویز جیهانی، چاپخانا خانی، دهۆك.

٥- باتەیی، مەلا حوسەین (١٩٩٦)، کۆمکرن و ڤەکۆلین: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و محسن ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا هاوار، دهۆك.

٦- مایی، طه (١٩٩٨)، دل دەرێژکرن، چاپخانا خەبات، دهۆك.

٧- مایی، حافز (دەستخەت).

٨-موکری، کامەران (١٩٨٧)، پێشەکی نووسین و پەراوێزلێدان: عەبدوڵڵا عـەزیز خالـد، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

دووەم: کتێب

بەزمانی کوردی:

٩-پێندرۆیی، محەمەد ساڵح جگەرسۆز (٢٠١٠)، فەرهەنگا کانی/ کوردیا ژووری ـ کوردیا ناوەڕاست، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك.

١٠- ________ (٢٠١٢)، فەرهەنگی ڕەسەن/ کوردی ناوەڕاست ـ کوردی ژووروو، ب ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١١- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٢، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر.

١٢- شـرفکندی، عبـدالرحمن (١٣٦٩)، هەنبانـە بۆرینـە فـرهنگ کـردی ـ فارسـی، ب ٢، سروش، تهران.

١٣- شـەریف، د. عەبدولسـەتار تـاهیر (١٩٨٥)، قامووسـی دەروونناسـی/ ئینگلیـزی ـ عەرەبی ـ کوردی، چاپخانەی عەلا، بەغدا.

١٤- شوان، د. ئیـبراهیم ئەحمـەد (٢٠١٢)، ئـەدەبی کـۆنی کـوردی، چـاپخانەی زانکـۆی سەڵاحەددین. هەولێر.

١٥- عـارف، د. محەمـەد نـووری (٢٠٠٧)، فەرهـەنگی دیـوانی شـاعیران نـالی ـ سـالم ـ کوردی، چاپخانەی دەزگای ئاراس. هەولێر.

١٦-عەلی، د. تاڵیب حوسێن (٢٠١١)، واتاسـازی ـ چـەند بابـەتێکی لێکدانـەوەی واتـای وشە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٧-فتاح، محمد معروف (١٩٩٠)، زمانەوانی، مطابع دار الحكمة، هەولێر.

١٨-Farqînî, Zana (1992), Ferhenga Kurdî ـ Turkî, Enstîtuya Kurdî ya Stenbolê, Stenbol.

١٩- قازی، حافز (٢٠٠٥)، فەرهەنگا قازی/ کـوردی ـ عـەرەبی، چ ٢، چـاپخانا وەزارەتـا پەروەردێ، هەولێر.

٢٠- گەردی، عەزیز (٢٠١٦)، فەرهەنگی مـەم و زینـی خـانی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی نارین، هەولێر.

٢١- گولی، مسعود خالد (٢٠٠٢)، فەرهەنگا گولی فارسی ـ کـوردی، چـاپخانەیا وەزارەتـا پەروەردەیی، هەولێر.

٢٢- لێژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان (٢٠٠٦)، زاراوەی ئەدەبی / کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٣- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٩)، زمان و ئەدەبی کوردی - پۆلی دەیەمی ئامادەیی، چ ١٣، لەلایەن کۆمپانیای قەیوانەوە چاپکراوە.
٢٤- مارف، د. ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی - بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم - ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٢٥- مشەختی، مەلا خەلیل (٢٠٠٦)، فەرهەنگا مەرگ و ژی، دەزگای ئاراس، هەولێر - کوردستان.
٢٦- نیزامەدین، فازیل (٢٠٠٧)، فەرهەنگی "شرین"ی نوێ/ عەرەبی - کوردی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - کوردستان.

بەزمانی عەرەبی

٢٧- أرسطوطاليس (١٩٥٣)، فن الشعر، ترجمه عن اليونانية وشرحه وحقق نصوصه: عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
٢٨- التونجي، د. محمد (١٩٦٩)، المعجم الذهبي فارسي - عربي، ط ٢، دار العلم للملايين، بيروت.
٢٩- ــــــــــــ (١٩٩٩)، المعجم المفصل في الأدب، ج ٢، دار الكتب العلمية، بيروت.
٣٠- أنيس، د. ابراهيم (١٩٨٤)، دلالة الألفاظ، ط ٥، دار تكنوبرينت للطباعة، القاهرة.
٣١- بدوي، عبدالرحمن (١٩٩٦)، ملحق موسوعة الفلسفة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٣٢- توفيق، سعيد (٢٠٠٢)، في ماهية اللغة وفلسفة التأويل، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٣٣- الجرجاني، عبدالقاهر (١٩٥٩)، دلائل الإعجاز، تحقيق: محمد رشيد رضا، مصر.
٣٤- خليل، د. خليل أحمد (١٩٨٩)، مفاتيح العلوم الإنسانية - معجم عربي. فرنسي. انكليزي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.
٣٥- الخوالدة، د. ناصر أحمد و يحيى إسماعيل عبد (٢٠١١)، المناهج - أسسها ومداخلها الفكرية وتصميمها ومبادىء بنائها ونماذج تطويرها، زمزم ناشرون وموزعون، عمان.
٣٦- زيادة، أغناطيوس (١٩٨٦)، جمع وتقديم وترتيب الحواشي للكتاب المقدس، منشورات دار الشروق ش م م، بيروت.

٣٧- زيدان، د. محمود فهمي (١٩٨٥)، في فلسفة اللغة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
٣٨- سلامة، عادل أبو العز (٢٠٠٨)، تخطيط المناهج المعاصرة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.
٣٩- شمس الدين، د. جلال (٢٠٠٣)، علم اللغة النفسي – مناهجه ونظرياته وقضاياه، ج ١، مؤسسة الثقافة الجامعية، الأسكندرية.
٤٠- الطاهر، د. علي جواد (١٩٨٣)، مقدمة في النقد الأدبي، ط ٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٤١- عبدالصبور، صلاح (١٩٩٣)، الأعمال الكاملة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
٤٢- عبدالرحمن، د. نصرت (١٩٧٩)، في النقد الحديث ـ دراسة في مذاهب نقدية حديثة وأصولها الفكرية، مكتبة الأقصى، عمان.
٤٣- عبدالنور، صبور (١٩٧٩)، المعجم الأدبي، دار العلم للملايين، بيروت.
٤٤- عزام، محمد (١٩٦٤)، التحليل الألسني للأدب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
٤٥- فضل، د. صلاح (١٩٧٨)، نظرية البنائية في النقد الأدبي، مطبعة الأمانة، القاهرة.
٤٦- گرد عازبانى، صابر حمد علي عبدالله (١٩٨٤)، قاموس آري/ كُردي ـ كُردي: عربي، ج ١، راجعه: بابا علي الشيخ عمر القرداغي، مطبعة أسعد، بغداد.
٤٧- ماضي، د. شكري عزيز (٢٠٠٥)، في نظرية الأدب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٤٨- مراد، وليد محمد (١٩٨٣)، نظرية النظم وقيمتها العلمية في الدراسات اللغوية عند عبدالقاهر الجرجاني، دار الفكر، دمشق.
٤٩- المسدي، د. عبدالسلام (٢٠٠٤)، الأدب وخطاب النقد، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي.
٥٠- ____________ (2006)، الأسلوبية والأسلوب، ط ٥، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي.
٥١- المقدسي، يوسف ضياءالدين باشا الخالدي (١٩٨٧)، الهدية الحميدية في اللغة الكُردية/ معجم كُردي ـ عربي، ط ٢، مكتبة لبنان، بيروت.
٥٢- هويدي، د. يحيى (١٩٩٣)، قصة الفلسفة الغربية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.

٥٣–ویس، د. أحمد محمد (٢٠٠٥)، الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

٥٤–اليعقوبي، عبدالرحمن (٢٠١٤)، الحداثة الفكرية في التأليف الفلسفي العربي المعاصر، مركز نماء للبحوث والدراسات، بيروت.

بەزمانی ئینکلیزی

55-Al khuli, Dr. Muhammad Ali (19٨٦), A Dictionary of Applied Linguistics: English - Arabic, Librairie du Liban, Beirut.

56-______________________ (1991), A Dictionary of Theoretical Linguistics: English - Arabic, New Impression, Librairie du Libanon, Beirut.

57-Chyet, Michael L. (2003), Kurdish English Dictionary, Yale University Press, New Haven.

58-Culler, Jonathan (1997), Literary Theory – A very Short Introduction, Oxford University Press, Oxford.

59-Richards I.A.(1965), The Philosophy of Rhetoric, Oxford University Press. Oxford.

60-Wellek, Rene and Austin Warren (1980), Theory of Literature, Pelican Books, London.

بە زمانی فارسی:

٦١– عمید، حسن (١٣٧٨)، فرهنگ عمید، چ ١٦، چاپخانهْ سپهر، تهران.

٦٢– نجفی، ابوالحسن (١٣٧٨)، فرهنگ فارسی عامیانه، جلد١، انتشارات نیلوفر، تهران.

سێیەم: گۆڤار

٦٣– فەخری، د. نەسرین (١٩٧٣)، پاشگر و پێشگری: (ڤە - یان - وە) لە زمانی کوردی دا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا، ل ل٢٢٤– ٢٧٣.

٦٤– قەرەنی، د. ئەحمەد محەمەد عوسمان (٢٠١٧)، بنیاتێن تەکنیکیێن گۆتنێن پێشینانێن کوردی و پۆلینکرنا جۆرێن وانێن ئەدەبی، گۆڤارا ئەکادیمیا زانینگەها نەورۆز، هەژمار ٧–٢، دهۆك، ل ل٢٣٤–٢٤٤.

الملخص

الاسس الفلسفية والعلمية لتفسير الكلمات في النصوص الادبية كتاب اللغة والادب الكردي للصف العاشر انموذجاً

يتناول البحث الإشكالية المتبعة في توضيح معاني الكلمات الصعبة بنهاية موضوعات الأدب الكُردي في الكتاب المدرسي للصف العاشر الإعدادي. وهي طريقة تفتقد الى منهجية علمية في تبيان الأبعاد المترابطة بين معنى الكلمة كوحدة لغوية وكيانها المنطوق ودورها في تشكيل المعنى العام للنص. وفي الوقت نفسه تتناقض هذه الطريقة مع ماتوصلت اليه النظريات المتداخلة بين المباحث اللسانية و مدارس النقد الأدبي.

يتكون البحث من قسمين: يشمل القسم الأول على الجانب النظري لدراسة الكلمة من منظار فلسفة البلاغة وتضمينات معانيها في سياقات النظريات الأدبية ومن ثم مقارنتهما مع إنتظامات النظريات اللسانية التي تؤكد على تمحور دور الكلمة في تكوين الجملة ومن إتحاد الجمل يُبنى الخطاب الأدبي.

ويركز القسم الثاني على ضوء ما توصل اليه في القسم الأول من إستنتاجات وتطبيقها على أربعة نصوص شعرية لتبيان مساوىء الطريقة المتبعة لتفسير الكلمات، ومن ثم تحديد الأخطاء ومعالجتها وإستخلاص المنشأ المثبت في توظيف معاني الكلمات حسب السياقات التي تستخدم فيها اللغة والفكر على حد سواء.

Abstract

The philosophical and scientific bases for explaining the meaning of vocabulary in literary texts

(The tenth grade kurdish language and litrerature textbook as an example)

In defining vocabulary in literary texts, there are linguistic and cognitive contradictions. To explain this mismatch, the tenth grade Kurdish language and literature textbook has been used as an example, in which scientific and philosophical principles are ignored, the meaning of vocabulary is defined by giving dictionary meaning which don't fit the concept. This research is made into two parts:

Part one involves theory, vocabulary is explained according philosophy of rhetoric and their meaning according to their literary contexts, they are also compared to linguistic theories, the role of the word in sentence composition has been analyzed.

In part two, the conclusions of the first part has been applied to four texts of the mentioned textbook, their mistakes highlighted and corrected according the role of the words in cognition and linguistic contexts. At the end the most significant conclusions are presented.